سەرۆکی دەستەی دەروازە سنورییەکان جەختیکردەوە لەسەر پێویستی توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دەروازەسنورییەکان

ئەمڕۆ شەممە "لیوا عومەر وائیلی " سەرۆکی دەستەی دەروازە سنوورییەکان، جەختی لەسەر پێویستی توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دەروازەکان کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکی دەستەکەدا هاتووە:-بە مەبەستی بینینی جوڵە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پابەندبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکان بە ڕێنماییەکانی حکومەت "وائیلی " سەردانێکی مەیدانی بۆ دەروازەی سنووری مونزوریە ئەنجامدا.

لە سەردانەکەیدا وائیلی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی و کارمەندان و دەزگا ئەمنییەکان و خزمەتگوزارییەکان ئەنجامداو گفتوگۆیانکرد لەسەر گرنگترین ئەو ئامادەکارییەکانەی کە دەبێت پێشوەختە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان چارەسەر بکرێن.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- سەرۆکی دەستەکە گەشتێکە مەیدانی بە دەروازەکە ئەنجامدا و تیایدا وردبینی لە بارەکان و ئامێری سۆنار و کۆکردنەوەی باجی گومرگی کرد و وردبینی لە بەڵگەنامەی ئەلیکترۆنییەکان کرد ،هەروەک وائیلی لەگەڵ ژمارەیەک لە شۆفێرانی بارهەڵگر کۆبویەوە و گوێی لە پێداویستییەکانیان گرت و ڕێنمایی کردن بۆ چارەسەرکردنیان.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:- وائیلی لەتەواوی دیدار و کۆبونەوەکانی جەختیکردەتەوە

لەسەر توندکردنەوەی کۆنترۆڵی دەروازە و بەندەرەکان بۆ ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوەی هەر کەسێکی بێ مۆڵەت و چڕکردنەوەی پشکنینی خەڵک و جانتا و بارهەڵگر و کاڵاکان و ڕێگەنەدان بە دەرچوون و هاتنە ژوورەوەی هەر کەسێک یان ئۆتۆمبێلێک جگە لەوەی دوای ئەوەی ڕێکارەکانی پشکنینی بەسەردا جێبەجێکرابێت بۆ ڕێگریکردن لە قاچاخچێتی بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی هاوڵاتیان.